https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.02

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# فراوانبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی بەریتانیا لە ئێران ۱۸٤۸-۱۸۹٦

م. نشمیل صابر عبدالله

پ. د. مهدی محمد قادر

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەدین

nashmil.abdullah@su.edu.krd mahdi.qader@su.edu.krd

**پوختە:**

پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و بەریتانیا لە ساڵانی ١٨٤٨ - ١٨٩٦ لە ڕووی سیاسی و ئابووری گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە لەم ماوەیەدا بەریتانیا توانی چەندین جیاوکی سیاسی و ئابووری بەدستبهێنێت کە لە بواری سیاسی و ئابووری و سەربازی و ستراتیژی سوودی لێیانەوە بینیوە بە تایبەتی لە ململانێکانی لەگەڵ ڕووسیا کە بە ڕکابەری خۆی دەزانی لە بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی لە ئێران و ناوچەکە، هەروەها گرنگیی ئێران لە ڕووی پێگەی جوگرافییەوە و نزیکی لە وڵاتی هیندستان کە شوێنی دەسەڵاتی بەریتانیا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها ڕۆڵی بەریتانیا لە نەهێشتنی شۆڕشەکانی ناوخۆی ئێران کە هەڕەشە بوون لە سەر بەرژەوەندییەکانی، ئەو پەیوەندییانە تا کۆتایی سەردەمی ناسرەدین شاە بەم جۆرە مانەوە، دەکرێ بڵێین ململانێی نێوان هەردوو دەوڵەتی زلهێز و هەوڵدانیان بۆ زیاتر چەسپاندنی دەسەڵات و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ بەهێزبوونیان و دەستێوەردانیان لە کاروباری ئێران.

وشە کلیلییەکان: قاجار، ناسرەدین شا، بەریتانیا، ڕێکەوتنامە، سیاسی، ئابووری.

## فراوانبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی بەریتانیا لە ئێران ١٨٤٨-١٨٩٦

### پێشەکی:

بابەتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پەیوەندیی سیاسی و ئابووریی نێوان ئێران و بەریتانیا لە سەردەمی دەوڵەتی قاجاری بە دیارکراوی ماوەی دەسەڵاتداری ناسرەدین شای قاجار (١٨٤٨ ـ ١٨٩٦)، شوێنی جوگرافیای کاریگەری لەسەر سیاست و بڕیارەکانی سیاسی ناوخۆیی و دەرەوەی هەر وڵاتێک دەبێت، لەم سۆنگەیەوە هەڵکەوتەی جوگرافیای ئێران کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی تر هەبووە.

سیاسەتی داگیرکەرانەی بەریتانیا لە هیندستان بە یەکێک لە هۆکارە گرنگ و ڕاستەوخۆکان لە پەیوەندیکردنی لەگەڵ ئێران دادەندرێت، ئەمە سەرەڕای هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیی وڵاتی ئێران کە بووە هۆی ئەوەی بەریتانیا هەوڵی نزیکبوونەوەی بدات، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو هەوڵێکی  بۆ ڕێگریکردن لە پێشڕەوییەکانی ڕوسیا بۆ باشووری ئێراندا، پەیوەندییەکانی نێوان ئیران و بەریتانیا بە درێژایی سەردەمی حوکمڕانیی ناسرەدین شا لە هەڵکشان و داکشاندا بووە و لە چەند ڕوویێکەوە ئەو پەیوەندییانە دەرکەوتوون. بەڵام ئەوەی بەریتانییەکان هەردەم لە هەوڵی بەدەستهێنانی بوون بریتیبوو لە بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی خۆیان لە ئیران و توانیان چەندین جیاوکی سیاسی و ئابووری بەدەستبهێنن و لەم پێناوەش چوونەتە نێو ئەو ململانێ سیاسییانەی کە ڕوویانداوە لە سەر هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوە، ئەو بابەتە سیاسییانەی کە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوو لا دروستکرد و لە کۆتاییدا بووە هۆکارێک بۆ بەهێزبوونی پێگەی سیاسی و ئابووری بەریتانییەکان.

شایانی باسە بەریتانیا بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ڕووسیا لە ئێران لە هیچ هەنگاوێک درێغی نەکردووە و لە بەردەوامی سیاسەتەکەی لە ڕێگەی بەرتیل و بەڵێنەکانی هەوڵی نزیکبوونەوە لە پیاوانی کۆشک و کاربەدستانی دەوڵەتی داوە. هەرچەندە خەڵک لە دژی ڕێکەوتنامەکان و پێدانی جیاوک بە بەریتانیا وەستاون و لە هەندێ کات سەرکەوتوو بوون لە ڕەتکردنەوەی جیاوکەکان، لە پەیوەندیی سیاسیی ئێران و بەریتانیا ئێران ناوچەیەکی فراوانی زەوی وڵاتەکەی لەدەستداوە و هۆکاری ئەمەش بۆ بێئاگایی ئەو وڵاتە لە بارودۆخی سیاسیی جیهان دەگەڕێتەوە، کە سەربەخۆیی سیاسیی ئەو وڵاتەی خستە مەترسی.

## گرنگیی توێژینەوەکە:

سەردەمی قاجاری بە سەردەمێکی گرنگ لە پەیوندیی دەرەوەیی ئێران لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەکان بە تایبەتی بەریتانیا دادەنرێت، پەیوەندیی دەرەوەی ئێران لەو کاتە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دواکەوتوویی کومەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابووری و سیاسی جێهێشتووە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی سیاسی و ئابووریی نێوان ئێران و بەریتانیا لە سەردەمی ناسرەدین شا، شارەزابوونە لە ڕەوشی ئەو پەیوەندییە و کاریگەرییەکانی لەسەر بارودۆخی ئێران و دەرخستنی ڕۆڵی سەدری ئەعزمەکان و پیاوانی دەوڵەت لەو پەیوەندییە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لە نووسینی ئەم بابەتە ڕوونکردنەوەی بەشێک لە سیاسەتی دەرەوی ئێرانە لەگەڵ بەریتانیا و خستنەڕووی ئامانجی بەریتانیا لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ڕوسیا و فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی لەو وڵاتە و هەوڵەکانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە هیندستان.

## پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە:

ئاستی هوشیاری سیاسی شا و بەرپرسە سیاسییەکانی ئێران و هۆکاری ملکەچیان بۆ ڕێکەوتنامە سیاسی- ئابوورییەکان؟ بەریتانیا بە کام ڕێگا توانی ببێتە زلهێز لە ئێران؟ بەریتانیا چۆن و بۆچی زەوییەکی فراوانی لە ئێران خستە ژێر دەسەڵات؟

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی شیکاری-مێژوویی بەستراوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی شرۆڤەی پەیوەندیی سیاسی و ئابووریی نێوان ئێران و بەریتانیا لە سەردەمی ناسرەدین شای قاجار بکەین.

## پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پەیوەندیی سیاسی و ئابووریی نێوان ئێران و بەریتانیا لە ماوەی (١٨٤٨-١٨٩٦) ڕووندەکاتەوە کە ژمارەیەک ڕێکەوتنامەی لێکەوتەوە و بووە هۆکارێک بۆ فراوانبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی بەریتانیا لە ئێران، کاریگەرییەکانی ڕێککەوتننامەکانی نێوان هەردوو وڵات لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئابووریی ئێران. لەم توێژینەوەیە بە ئاماژەکردن بە ڕێککەوتننامەکانی نێوان هەر دوو وڵات تیشک خراوەتە سەر کاریگەریی ڕێکەوتنامەکان لە فراوانبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری، بە پێدانی جیاوکی ڕویتەر بە بەریتانیا سەربەخۆیی ئێران کەوتە مەترسییەکی گەورە، بەڵام لەئەنجامی نارەزایی خەڵک ڕێکەوتنامەکە لە لایەن خەڵک هەڵوەشایەوە، بەریتانیا بە هۆی گرنگیی سیاسی و ئابووریی ڕووباری کارون دوای هەوڵێکی زۆرتوانی مافی کەشتیوانی لەم ڕووبارە وەربگرێت، لە درێژەی هەوڵەکانی بەریتانیا لە بەدەستهێنان و فراوانکردنی دەسەڵاتی توانی جیاوکی توتن و تنباکو لە

ئێران وەربگرێت، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند بە هۆی ناڕەزایی خەڵک سەرەڕای زەرەرمەندبوونی ئێران لە بڕیارەکە ڕێککەوتننامەکە هەڵوەشایەوە، دواتر جیاوکی دامەزراندنی بانکی شاهەنشاهی لە بڕی جیاوکی ڕویتەر بە بەریتانیا دراوە، لە لایەک ناسرەدین شا دامەزراندنی هێڵی تلگراف لە ئێرانی بە هەڵێکی گونجاو بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودوخی وڵاتەکەی زانیوە. لە لایەکی تر، بەریتانیا لە جاران کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی کەوتە دەست، میرزامالکم خان ڕۆڵی کاریگەری لە پێدانی جیاوکی لاتاری بە بەریتانیا هەبوو کە ئەمەش ڕووبەڕووی ناڕەزایی خەڵک بوویەوە.

لەم توێژینەوەیە پشت بە ژمارەیەک سەرچاوە بە زمانی جیاواز بەستراوە بە تایبەتی کتێبی فارسی، ئەمەش بەهۆی ناونیشانی توێژینەوەکە کە پەیوەندیی ئێران و بەریتانیا دەخاتەڕوو. کتێبی (عصر بی خبری یا تاریخ امتیازات در ایران، ابراهیم تیموری) بۆ ئەو بابەتە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، کە باس لەو جیاوکانە دەکات کە لە لایەن ئێران بە بیانییەکان دراوە، کە نووسەر ئەو سەردەمە بە ماوەی بێئاگایی دەسەڵاتدارەکان ناوزەد دەکات، کتێبێکی تر بەناوی (تاریخ معاهدات ایران، عباس رمضانی) لەم کتێبە نووسەر ئاماژەی بە گشت ڕێککەوتننامەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی تر دەکات، گرنگی ئەو کتێبە بۆ باسکردن و ڕوونکردنەوەی ڕێککەوتننامەکان دەگەڕێتەوە کە بە خاڵ گشت بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەی خستۆتەڕوو.

ئەو ڕێککەوتننامانەی کە دەسەڵات و هەژموونی بەریتانیایان لە ئێران زیادکرد:

پێدانی جیاوک لە سەردەمی ناسرەدین بە وڵاتانی بێگانە قازانجێکی دوو لایەنەی هەبوو؛ یەکەمیان، کاربەدەستان و نزیکەکانی کۆشکی شاهانە بەهۆی هەبوونی دەسەڵاتیان و ڕۆڵیان لە پێدانی جیاوکەکان بەم

وڵاتانە پارەیەکی زۆریان وەردەگرت. دووەمیان، ئەو وڵاتانەی جیاوکەکەیان وەردەگرت دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییان لە ئیران زیاددەبوو، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران زیاتر لە هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی خۆیان بوون نەوەک گەشەسەندنی ڕەوشی سیاسی و ئابووریی وڵاتەکەیان (امین الدوله، ١٣٤٦: ٤٤).

بەریتانیا لە پاڵ فراوانبوونی دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییەکانی لە ناوچەکە لە هەوڵی بەردەوام بوو لە ململانێی نەیارەکانی و هەوڵی ڕێگریکردنی بەدەستهێنانی جیاوک و پڕۆژەی جیاوازەکانی دەدا، (طوسی، ١٣٧٦: ١١١)، لە لایەکی تر، لە هەوڵی ئەوە بوو کەسانێک پۆستە باڵاکان لە ئێران وەربگرن کە پارێزگاری لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی بەریتانیا بکەن، دانانی میرزا حوسێن خان سپهسالار لە ساڵی ١٨٧٢ بۆ سەدری ئەعزەمی ئیران ڕەزامەندیی بەریتانیای تێدا بوو (نوری، ١٣٨٣: ٣-_٤).

## ١_جیاوکی ڕویتەر

ئەحمەد خان مەلک ساسانی کە چەندین ساڵ لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران کاری کردووە بە شێوەیەکی ئاشکرا باس لە پاڵپشتیی بەریتانیا بۆ میرزا حوسێن خان سپهسالار(١٨٧١_-١٨٧٣) دەکات کە لەسەر داواکاریی بەریتانیا وەکو سەدری ئەعزەم دەستنیشانکرا و لە بەرانبەردا بەریتانیا چەند داواکاری خستە بەردەم ناوبراو بۆ جێبەجێکردنی کە بریتیبوون لە چەسپاندنی دەسەڵاتی بەریتانیا لە بەلوجستان و بەڕێوبردنی کاروباری سنوری ناوچەی سیستان لەلایەن بەرپرسێکی بەریتانیەوە و پێدانی جیاوکی ڕویتەر بە بارون جۆلیوس ڕویتەر و سەردانیکردنی ناسرەدین شا بۆ لەندەن، دوای پەسەندکردنی داواکارییەکان میرزا حوسێن خان وەکو سەدری ئەعزەم هەڵبژێردرا. دنیس ڕایت باڵوێز بەریتانیا لە

ئیران(١٩٦٣_١٩٧١) هۆکاری پاڵپشتی سپهسالار و لایەنگرانی بۆ بەریتانیا دەگەڕێنێتەوە بۆ ترس لە هەڕەشەکانی ڕوسیا کە بە بۆچوونی ئەوان بەشداریی سیاسی و ئابووریی بەریتانیا لە ئێران وەکو قەڵغانێکە بەرانبەر هەڕەشەکانی ڕوسیا بۆ سەربەخۆیی ئێران (رایت، ١٣٦٨: ٢٣٨).

دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە دوو مانگ بەسەر وەرگرتنی پۆستەکەی میرزا حوسێن خان بانگهێشتی میرزا مالکم (نازم ئەلدەولە١٨٣٣_-١٩٠٨) لە ئەستانبول دەکات و بە جێگیری سەدری ئەعزەم دەستنیشاندەکرێت (افشار، ١٣٧٢: ١٩٩)، و دواتر میرزا مالکم وەکو باڵیۆزی ئێران بە مەبەستی ڕێکخستنی ڕێککەوتننامەی ڕویتەر ڕەوانەی لەندەن دەکرێت (بامداد، ١٣٦٢: ٤١٣).

دەتوانین بڵێین کاتێک میرزا حوسێن خان سپهسالار بۆ ڕزگاربوون لە هەڕەشەکانی ڕوسیا و پاراستنی سەربەخۆیی ئێران پاڵپشتیی بەریتانیای کرد، ئێران زیاتر کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا و بە پێدانی جیاوکی ڕویتەریش گشت سەروەت و سامانی ئێران کەوتە مەترسیی دەستبەسەرداگرتن.

بەریتانیا لە کاتی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکان و وەرگرتنی جیاوکەکان وایدەردەخست کە وەک حکومەت هیچ ڕۆڵێکی لە بابەتەکە نییە، بەڵکو ئێران تەنها لەگەڵ کۆمپانیا یاخود کەسایەتیی سەربەخۆ ڕێککەوتننامەکانی مۆرکردووە، بەڵام لە ڕاستیدا کۆمپانیا و کەسایەتییە سەربەخۆکان ڕووی دەرەوەی بابەتەکە بوون و هەموو لە بەرژەوەندیی حکومەتی بەریتانیا کاریان دەکرد، وەک پابەندبوونی سەدری ئەعزەم میرزا حوسێن خان بە بەڵێنەکانی کە بە بەریتانیای دابوو لە سەردەمی ناسرەدین شا لە ساڵی ١٨٧٢ جیاوکی ڕویتەر بە بارون جولیۆس ڕویتەر بەخشرا (تیموری، ١٣٦٣: ١٠٨_-١١٢)، بە پێی ئەو ڕێککەوتنە دروستکردنی ڕێگا و ڕاکێشانی هێڵی ئاسن و دەرهێنانی کانزاکان جگە لە

(زێڕ، ئەڵماس و بەردە بەنرخەکان) و دامەزراندنی دامەزراوەی ئاوی (بیر و کەناڵ) بۆ ماوەی (٧٠) ساڵ و بەڕێوەبردنی گومرگ و هەناردەکردنی گشت بەرهەمەکان لە ئێران بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ بەرانبەر ٦٠%ی قازانج بۆ ئێران بە ڕویتەر بەخشرا، جێگای ئاماژەیە ئەو ڕێککەوتننامەیە ناڕەزایەتییەکی زۆر فراوانی لە ناوخۆ و دەرەوە لێکەوتەوە و پێش جێبەجێکردنی بەهۆی هەڕەشە و ناڕەزایی ناوخۆیی بە سەرکردایەتیی پیاوی ئاینی (حاج مەلا عەلی کەنی ١٨٠٥_-١٨٨٨) لە لایەن ناسرەدین شا ڕەتکرایەوە، بەڵام دواتر لە بەرانبەر هەڵوەشانەوەی ئەو جیاوکە ناوبراو لە ساڵی ١٨٨٩ بۆ ماوەی (٦٠) ساڵ جیاوکی بانکی شاهەنشاهی بە ڕویتەر دراوە (دلاوری، ١٣٧٧: ١٢_١٣).

جێگای ئاماژەیە سەرەڕای هەڵوەشانەوەی جیاوکی ڕویتەر بەڵام بە یەکێک لەو دەستکەوتە گرنگانەی بەریتانیا دادەنرا لە ئیران کە تەنانەت بەریتانییەکان خۆیان لە نووسینەکانیان سەرساmiیان بەرانبەر ئەو جیاوکە دەربڕیوە کە جیاوکی ڕویتەر بریتیبوو لە بەخشینێک لە لایەن ئێران بۆ بەریتانیا کە ئەگەر بەریتانیا لەو یارییە سەرکەوتوو بوایە، ئەوا کاریگەریی گەورەی جگە لە ئێران لەسەر ڕوسیاش دەبوو. هنری ڕاولینسون(Henry Rawlinson) سیاسەتمەدار و لێکۆڵەری بەریتانی و ئەندامی شاندی سەربازی بەریتانی لە ئێران لە (١٨٣٣_ ١٨٣٦) و باڵیۆزی بەریتانیا لە (١٨٥٩-_ ١٨٦٠) لەو وڵاتە، کاتێک دێتە سەر باسی ئەو جیاوکە دانبەوەدادەنێت، کە لە کاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕێککەوتننامەکە لە جیهان، ئەوەی بەدوای خۆیدا هێناوە کە هیچ کەسێک لەو باوەڕەدا نەبووە، ڕۆژێک سەربەخۆیی ئێران بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هاوڵاتییەکی بەریتانی (تیموری، ١٣٦٣: ٩٧-_١١٩).

هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی شا لە سەفەری ئەورووپا و گەیشتنی بە ڕەشت ناڕەزایی و شۆڕشی خەڵک دژی جیاوکەکە زیادیکردبوو بە

شێوەیەک لە ڕۆستەم ئاباد لە گیلان سپهسالار دەستی لە کارکێشایەوە، لە سەرەتا شا ڕازی بوو بە بڕیارەکە، بەڵام دوای دوو ڕۆژ ڕایگەیاند کە سپهسالار هێشتا سەدری ئەعزەمە بەڵام دوای دوو ڕۆژ شا بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە ناوبراوی لە پۆستەکەی دوورخستەوە و وەکو حاکمی ڕەشت دەستنیشانیکرد (طاهری، ١٩٤٧: ٤٧٥)، هاوکات سپهسالار بۆ پاراستنی گیانی پەنای بۆ باڵوێزخانەی بەریتانیا بردووە و جۆزێف دیکسۆن(Joseph Dixon) پزیشکی باڵوێزخانە بۆ ویلیام تیلۆر تامسون(William Taylour Thomson) (١٨٧٢-١٨٧٩) باڵوێزی بەریتانیا دەنووسێت کە سپهسالار هێشتا هاوڕێ و پاڵپشتی بەریتانیایە و لە یەکەم گەشتی شا بە یاوەریی سپهسالار بۆ بەریتانیا لەلایەن شاژنی بەریتانیا مەدالیای تایبەتی پێبەخشراوە کە مەدالیاکە گرنگیی تایبەتی خۆی هەبووە و تەنها بەو کەسایەتییانە بەخشراوە کە لە خزمەتی بەریتانیا کاریان کردووە و بەمەش گیانی سپهسالار پارێزراو دەبێت (اعتماد السلطنە، بی ت: ١٠٤-_ ١٠٦)، دواتر لەساڵانی ١٨٧٣-_١٨٧٤ وەک وەزیری دەرەوە و وەزیری جەنگ دەستیبەکارکردووە و بەبیانووی پابەندنەبوونی ڕویتەر بە ماوەی دەستبەکاربوونی کارەکەی هەڵوەشانەوەی جیاوکەکەی لە کانوونی یەکەمی١٨٧٣ بە شێوەی فەرمی ڕاگەیاند. ناوبراو وەکو جاران لە ڕێگەی پۆستەکەی خەریکی کۆکردنەوەی پارەوپول بووە، هاوکات بە هۆی کارەکانی لەلایەن خەڵک خۆشەویست نەبووە و بەهۆی ڕەتکردنەوەی جیاوکی ڕویتەر کەوتە بەر تووڕەیی بەریتانیا، بەمەش ناچار پەنای بۆ دراوسێی باکووری، واتە ڕوسیا بردووە و دواتریش بەڵێنی چەندین جیاوکی بە ڕوسەکان داوە، بۆ نموونە لەو کاتەی لە وەزارەتی جەنگ بووە، هاوکات ناسرەدین شا لە دووەم گەشتی بۆ ئەورووپا و بینینی سوپای ڕوسیا پێشنیازی دامەزراندنی سوپای قۆزاقی لە ئێران کرد و لە ساڵی ١٨٧٩سوپای قۆزاق لە ئێران دامەزرا و بە پێی ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ ڕوسیا لە هەمان ساڵ قۆزاقخانەی لە تاران دامەزراند. لە ساڵی ١٨٧٩ بە هۆی چاوپۆشی لە

مافەکانی ئێران لە ناوچەکانی گۆگتەپە و ئاخاڵ بۆ ڕوسیا لە پۆستەکانی دوورخرایەوە (نوری، ١٣٨٣: ١٢).

دەکرێ بڵێین بەریتانیا لەپێناو پاراستن و فراوانکردنی مەرامەکانی و ڕێگریکردن لە بەهێزبوونی پێگەی ڕوسیا لە ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی جیاوکی ڕویتەری داوە، کە لەگەڵ جێبەجێکردنی جیاوکەکە سەربەخویی سیاسی و ئابووریی ئێران بە تەواوی دەچووە ژێر هەژموونی بەریتانیا، بەڵام بە هۆی هەڕەشەکانی ڕوسیا و خەڵکی ئێران بە گشتی و پیاوانی ئاینی لە ئێران جیاوکەکە لە لایەن شا ڕەتکرایەوە.

## ٢-- کەشتیوانی لە ڕووباری کارون

بەریتانیا بەهۆی گرنگیی شوێنی جوگرافیای ڕووباری کارون کە دەکەوێتە شاری ئەهواز لە پارێزگای خوزستان لە ڕووی سیاسی و بازرگانی، جارێکی تر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە هیندستان و ڕکابەری لەگەڵ ڕوسیا و بەهێزکردنی پێگەی بازرگانییەکەی کەوتە هەوڵی بەدەستهێانی جیاوکی کەشتیوانی لەم ڕووبارە.

سەردەمی ناسرەدین شا کە بە سەردەمی پێدانی جیاوک بە بێگانەکان و ململانێی نێوان زلهێزەکان ناسراوە، ناوچەی خوزستانیش یەکێکە لەم ناوچانەی کە لەم ناکۆکی و ململانێیە بەدوور نەبووە و بەریتانیا لە ڕێگەی هیندستانەوە بە ئاسانی بۆ کەنارەکانی کەنداوی فارس پەلی هاویشت و توانی پشکی شێر لە وەرگرتنی جیاوک لەو ناوچەیە دەستەبەر بکات (سیاح، ١٣٤٦: ٢٢١)، و دواتریش لەگەڵ وەرگرتنی جیاوکی هێڵی تلگراف دەسەڵاتەکەی زیاتر بوو (دیولافوا: ١٣٦٩: ٧٥٤).

بەریتانیا بۆ پاراستنی مەرامە سیاسی و ئابوورییەکانی، نزیکبوونەوەی لە شێخەکانی خوزستانی بە پێویست زانیوە، تا ساڵی١٨٧٧

بەریتانیا پاڵپشتی لە عەشیرەتی کەعب (فلاحیە) کردووە دواتر بەهۆی مردنی شێخ فارس و دروستبوونی کێشە لەسەر جێنشینی، بەریتانیا خۆی لە کێشەی عەشیرەتەکان دوورخستەوە و پاڵپشتی لە شێخی موحەمەرە(خورەم شەهر) (شێخ جابرمرداو ١٧٨٠–_١٨٨١) لە عەشیرەتی موحیسن کرد، هۆکاری نزیکبوونەوەی بەریتانیا لەو عەشیرەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی ئابووریی شوێنی نیشتەجێبوونیان، هەروەها هاوکاریی شێخ جابر لەگەڵ بەریتانیا (انصار، ١٣٨٤: ٣٤–_٣٥)، لەگەڵ مردنی شێخ جابر و هاتنی شێخ مەزعەل کوری کە بە گوێرەی سیاسەتەکەی هەوڵیداوە بە تەنها لە ناوچەکە حوکم بکات و پاشکۆی هیچ وڵاتێک نەبێت، بەمەش پەیوەندیی ئەو عەشیرەتە لەگەڵ بەریتانییەکان گۆڕانکاری بەسەردێت (انصار، ١٣٨٤: ١٠٨).

بەریتانیا بەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانی جیاوکی کەشتیوانی لە ڕووباری کارون داوە، هەردوو گەریدەی بەریتانی (هنری لایارد و ستوان سلبی) لە ڕێگای پەیوەندییەکانیان لەگەڵ محەمەد تەقی خان بەختیاری و بازرگانەکانی شوشتەر، ئاگاداری گرنگیی ئەو ڕێگا بازرگانییە بوون بۆ بازرگانیکردن لە نێوان هیندستان و بەریتانیا، هەر بۆیە لایارد لە ڕێگای ناردنی دوو نامە بۆ حکومەتی بەریتانیا و ژووری بازرگانی (بەمبەئی) بۆمبای داوایکرد کە بازرگانی لەم ڕووبارە بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش هانی هەردوو لایەنی دا، بەڵام گرتنی محەمەد تەقی خان لە ١٨٤٢ و خراپیی بارودۆخی ناوخۆی ئێران لەم کاتە چالاکییەکانی بێ ئەنجام هێشتەوە. لەگەڵ دروستبوونی کەناڵی سوئز لە ١٨٦٩ گرنگی بە ڕێرەوە ئاوییەکان بۆ پەیوەندیی نێوان ئەورووپا و هیندستان و ئێران زیادی کرد، هاوکات دەسەڵاتدارە خۆجێییەکان لە ئێران هەستیان بە گرنگیی ئەو بابەتە کردبوو بە شێوەیەک حوسێن قولی خان گەورەی عەشیرەتی بەختیاری پێشنیازی هاوکاری و فراوانکردنی بازرگانی لە ناوچەکە خستەبەردەم چارلز فرانسیس مەکنزی(Charles Francis Mackenzie) هاوبەشی

کۆمپانیای گریوپل لە بوشەهر، بەمەش بەریتانیا هەوڵیدا ئەو جیاوکە دەستەبەر بکات بۆیە کۆمپانیای ناوبراو داوای لە لویس بێلی( Lewis Pelly)(١٨٦٢_-١٨٧٣) نوێنەری سیاسی بەریتانیا نیشتەجێی کەنداوی فارس کرد بۆ ڕێکخستنی گفتوگۆی نێوان چارلز ئەلیسۆن(١٨٦٠_١٨٧٢) باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران و حکومەتی ئێران سەبارەت بە وەرگرتنی جیاوکی ڕووباری کارون بەڵام جارێکی تر هەوڵەکان بێ ئەنجام مانەوە(کاظم زادە، ١٣٧١: ١٣٦-_١٣٩).

گرنگیی ڕووباری کارون بۆ بەریتانیا ئەو وڵاتەی لە هەوڵەکانی نەوەستاند و بەردەوام بازرگان و نوێنەرە سیاسییەکانی هەوڵیان بۆ ئامانجەکەیان داوە، کاتێک تامسۆن باڵوێزی بەریتانیا لە ساڵی ١٨٨١ لە نامەیەک بۆ (میرزا سەعیدخان موتمن ئەلمولک) وەزیری دەرەوەی ئێران داوای وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی بەریتانیا سەبارەت بە جیاوکی کەشتیوانی لە ڕووباری کارون دەکات، بەڵام بە هۆی نزیکیی دکتۆر تولوزان پزیشکی تایبەتی شا ئەو جیاوکە بە فەرەنسا دەدرێت، دواتر بەهۆی دژایەتی بەریتانیا جیاوکەکە ڕەتکرایەوە، بەڵام بەریتانیا لە داواکارییەکەی نەوەستا و مالکم خان نازم ئەلدولە کە پارێزەری بەرژەوەندیی بەریتانییەکان بوو لە ئەیلولی ١٨٨٤ بە ناردنی تلگرافێکی نهێنی لە لەندەن بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران دوای بیرهێنانەوەی پەیوەندیی هاوڕێیەتیان لەگەڵ بەریتانیا پێدانی ئەو جیاوکەی بەباش زانیوە و لە ساڵانی دواتریش چەندین نامەی تایبەت بەم بابەتە لەلایەن بەریتانیا ڕەوانەی ئێران کراوە(أکبری و ناصری، ١٣٩٥: ١١٣_-١١٤).

جێگای ئاماژەیە هۆکاری گرنگی جیاوکی ڕووباری کارون بۆ بەریتانیا بۆ ئەوە دەگرێتەوە کە ڕێگای بازرگانیی کارون بە بەراورد لەگەڵ ڕێگای وشکانی پارێزراو و کورت و هەرزانتر بووە، تەنانەت بەهۆی لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی ئەو کاتەی ئێران لە ناوچەکانی

خوزستان، بەریتانیا بە ئاسانی دەیتوانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆی لە ناوچەکە فراوانتر بکات، هەروەها توانای هەبوو کە سەرۆکهۆزەکانی ناوچەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە دژی حکومەتی ناوەند و ڕکابەرە ئەوروپییەکانی بەکاربهێنێت.

بەخشینی جیاوکی کەشتیوانی لە ڕووباری کارون بە بەریتانیا بە دەرئەنجامی دووەم سەفەری ناسرەدین شا بۆ ئەوروپا دادەنرێت، دەشتی خوزستان کە ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت بوو لە ڕووی کشتوکاڵی بە تایبەتی دوای لێکۆلینەوەی زانستی و دەرخستنی سەرچاوەی نەوت و گاز لە باشووری ئێران، هەر لەو کاتەوە وڵاتە ئەوروپییەکان چاویان لەو ناوچەیە بڕیوە، هەڵکەوتەی شوێنی خوزستان و ڕێژەوە ئاوییەکەی بووە هۆکارێک کە لەلایەن شای ئێران چەندین پڕۆژەی بخاتەڕوو بۆ سوودوەرگرتن لە ئاوەکانی باشوور بەڵام بەهۆی گرنگیی ناوچەکە ڕوسیا وەکو کێشەی سەرەکیی نێوان ئێران و بەریتانیا ڕێگری لە هەر وتوێژێکی نێوانیان کردووە (رمضانی، ١٣٨٦: ٢١٦_–٢١٧). لە کۆتایی بەهۆی جەختی بەریتانیا و نزیکی پەیوەندیی هنری دروموندولف(١٨٨٧–١٨٩٠) باڵوێزی بەریتانیا لە تاران و میرزا عەلی ئەسغەر خان ئەتابەک(١٨٨٨–_١٨٩٦) سەدری ئەعزەمی ئەو کاتە ئازادی کەشتیوانی لە ڕووباری کارون لە ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٨٨٨ لەلایەن وەفدی شاهانە بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە بڕیاری لەسەر درا (تیموری، ١٣٦٣: ١٦٦).

زۆری پێنەچوو کاردانەوەی ڕوسیا بۆ ڕەتکردنەوەی جیاوکەکە دروستبوو ئێرانیش وەکو هەموو جارێک بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان هێزەکان، لە بڕیارێکی شاهانە ئازادی کەشتیوانی لە ڕووباری کارون بۆ هەموو دەوڵەتان ڕاگەێنرا، و لە ڕاگەیاندراوێکی بیست و چوار بەندی لە ساڵی ١٨٨٩ بابەتەکە بۆ گشت باڵوێزخانەکان لە تاران بڵاوکردەوە، ڕاگەێنراوەکە چەندین مەرجی سەبارەت بە هات و چوونی کەشتییەکان

لەخۆگرتبوو، بە شێوەیەک کەشتییەکان مافی کەشتیوانییان تاکو ئەهواز بووە و تەنها کەشتییە ئێرانییەکان نەبێت کە دەیانتوانی بۆ سەرووتر بەردەوام بێن، هەروەها قەدەغەکردنی هەندێک کالا لە لایەن ئێران بۆ کەشتییە بارهەڵگرەکان (رمضانی، ١٣٨٦: ٢١٧–_٢٢٠).

جێگای ئاماژەیە ڕوسیا بەهۆی پێدانی جیاوکی کەشتیوانی لە ڕووباری کارون بە بەریتانیا زۆر نیگەران دەبێت و لە ڕێگای (دالگورگی) باڵیۆزی ڕوسیا لە تاران هەرەشەی پچرانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران دەکات، ئەمەش ناسرەدین شای ناچارکرد بە پێدانی جیاوکی کەشتیوانیی ڕوسی لە بەندەری ئەنزەلی و ئەو ڕووبارانەی بە دەریای مازندەران کۆتاییان دێت، هەروەها پێبەخشینی مافی دروستکردنی ڕێگا لە ناوچەکانی باکوور (نصر، ١٣٦٣: ٣٧٥). بەپێی جیاوکی کەشتیوانیی ڕووباری کارون دروستکردنی هەر جۆرە باڵەخانە، کۆگا، دوکان، کاروانسەرا، کارگە لەلایەن کۆمپانیای لینچ قەدەغەبوو، هەروەها کەشتیوانی لە بەشی خوارووی ڕووبارەکە لە ئەهواز تا کەنداوی فارس دەگرێتەوە، کە بە کۆمپانیای ناوبراو درابوو و بەشی سەرووی کە لە شوستەر تا ئەهواز دەگرێتەوە بە کەسایەتییەکی ئێرانی درا بە ناوی (ئەمین ئەلتوجار)، کە ئەوروپییەکان مافی تێپەڕبوونیان لەم بەشە نەبوو (جن ڕاف، ١٣٧٣: ١٧٨).

هنری بلوسی لینچ (١٨٦٢–_ ١٩١٣) دامەزرێنەری کۆمپانیای لینج بۆ چارەسەرکردنی کێشە و بەدواداچوون بۆ ڕێگای ڕووباری کارون لە نێوان شوستەر و ئەسفەهان لە هاوینی ١٨٨٩ لە گەشتێک بۆ ناوچەکە توانی پەرە بە پەیوەندیی بەریتانیا و هۆزی بەختیاری (هۆزێکی شیعە مەزهبن نیشتەجێی ڕۆژئاوای ئێران) بدات، هەروەها دوای داواکاریی لینچ لە باڵوێزخانەی بەریتانیا (فرانک لاسلز١٨٩١_–١٨٩٤) باڵوێزی بەریتانیا لە تاران لە نامەیەکدا بۆ (ئەکانور) جێگری کونسوڵی بەریتانیا لە ئەسفەهان

داوای دەستەبەرکردنی پڕۆژەکە دەکات. جیاوکی ڕێگای شوشتەر- ئەسفەهان دوای وتویژی کۆتایی لە ساڵی ١٨٩٨ بڕیاری لەسەر درا و لە پەیمانامەکە ئاماژە بە دروستکردنی باڵەخانە و ڕێگا و پردێکی ئاسنین لە سەر ڕووباری کارون دەکات، هەروەها بە پێی ئەو ڕێککەوتننامەیە ڕێگا درا بە دروستکردنی کاروانسەرا و خانووی کاتی بۆ نیشتەجێکردنی کرێکارەکان (جن ڕاف، ١٣٧٣: ١٨٢-١٨٦).

بەریتانیا لە درێژایی ململانێ لەگەڵ ڕوسیا لە ساڵی ١٨٩٠ کونسوڵخانەی لە موحەمەرە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ عەشیرەتەکانی باکووری خوزستان و لورستان دامەزراند و بەمەش توانی زانیاریی سیاسی و جوگرافی بەنرخ لە ناوچەکە بەدەستبهێنێت (کسروی، ١٣٦٦: ١٤١).

## ٣_شۆڕشی تنباکۆ

لە سێیەم گەشتی ناسرەدین شا و شاندی یاوەری بۆ بەریتانیا و دوای دڵنیابوونی بەریتانیا لە نزیکیان لەگەڵ شاندەکەی ئیران داواکارییەکانی خۆیان خستەڕوو، و لە هاوینی ١٨٩٠ (هنری درموند ولف) کەسایەتییەکی بە ناوی جرالد تالبوت(Gerald F.Talbot) کە لە نزیکەکانی لورد سالسبۆری(Lord Salisbury) (١٨٨٦_-١٨٩٢) سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بوو بە ناسرەدین شا ناساند (محمود، ١٣٦٧: ١٥٨٥-١٥٨٨)، و دوای وەرگرتنی زانیاریی گرنگ دەربارەی (توتن و تنباکۆ)ی ئێران، کەوتە تاوتوێکردنی بابەتەکە لەگەڵ ئەمین ئەلسوڵتان و بەپێدانی بەرتیل بە ناوبراو (لە ٢٨ی ئاداری ١٨٩٠ جیاوکی (توتن وتنباکۆ) لە ڕێگای ڕێککەوتننامەیەکی (١٥)خاڵی بە جرالد تالبوت و هاوبەشەکانی بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بەخشرا کە لە لایەن کۆمپانیای ڕژی (Regie) سەرپەرشتی دەکرا. بە پێی ڕێککەوتنەکە خاوەن جیاوکەکە پەیوەست بوو بەوەی کە ساڵانە (١٥٠٠٠) لیرە بە خەزێنەی دەوڵەتی ئێران بدات، و مافی

چاودێری و دەرهێنانی مۆڵەت بۆ فرۆشتنی توتن، تنباکۆی و ...هتد هەیە (شاملو، ب.ت: ٨٢٣)، گواستنەوەی توتن و تنباکۆ جگە لە بەشی ڕۆژانەی بەکاربەر لە ناوەوەی ئێران بەبێ مۆڵەتی خاون جیاوکەکان قەدەغەبوو و دەوڵەت بە درێژایی (٥٠) ساڵ نابێت هیچ زیادەیەک بخاتە سەر باجی توتن و تنباکۆ، هەروەها خاوەن جیاوکەکە مافی گواستنەوەی بۆ کەسانی تر هەبووە، بەڵام بەو مەرجەی پێش گواستنەوەی جیاوکەکە حکومەتی ئێران ئاگاداربکرێتەوە، جوتیاران دوای کۆتاییهاتنی کارەکەیان دەبوایە بڕی بەرهەمەکەیان بە زووترین کات بدرێت بە نوێنەرانی کۆمپانیاکە و پێش ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان بڕێک پارەیان وەردەگرت، خاوەنەکانی جیاوکەکە مافی کرینی زەوییان نەبوو تەنها بۆ مەبەستی دروستکردنی کۆگا نەبێت، لە ڕێکەوتی واژووکردنەوە ئەگەر تا ماوەی ساڵێک کۆمپانیاکە دانەمەزرا جیاوگەکە هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام لە بارودۆخی شەڕ یاخود هۆکاری تر دەکرێت مۆڵەتی زیاتریان پێ بدرێت، لەکاتی ڕوودانی ناکۆکی لە نێوان ئێران و خاوەنەکانی جیاوکەکە پێویستە بە پشتبەستن بە بڕیارێک کە هەردوو لایەن لەسەری ڕازیبن کۆتایی بە ناکۆکییەکە بهێندرێت، بە پێچەوانەوە پێویستە نوێنەری وڵاتانی وەکو ئەمریکا، ئەڵمانیا، یاخود نەمسا کە نیشتەجێی ئێران بێت بە پێی دەستووری کارەکە ناوبژیوانی بکات، لە ٨ی ئاداری ١٨٩٠ دوای واژووکردنی ڕێککەوتننامەکە بۆ ماوەی (٥) مانگ هیچ هەواڵێک لە دامەزراندنی کۆمپانیا نەبووە، جرالد تالبوت بەپێی بەندی نۆیەم لە ڕێککەوتننامەکە گشت ماف و جیاوکەکەی بۆ کۆمپانیایەکی تر گواستەوە و ئەویش کۆمپانیای (شاهەنشاهی دوخانیات)ی دامەزراند بە پێی سەرچاوەکان ئەو کۆمپانیایە لە ڕاستیدا بوونی نەبووە و تەنها کۆمپانیایەکی خەیاڵی بووە (کربلایی، ١٨٩٠: ١٩-٢٢).

جیاوکی تنباکۆ چارەنوسی هەزاران جوتیار و بازرگان پێوە بەندبوو، چونکە ئەوانەی لەو بوارە کاریان دەکرد، هیچ سەربەستییەکیان نەمابوو

کاتێک جیاوکەکە کاریگەری لەسەر بارودۆخی ئابووری تەنانەت سیاسی ئێران کردبوو (Isswai, 43)، کۆمپانیای ناوبراو (١٥٠٠٠) فەرمانبەری دامەزراند کە لە دوو گروپ پێهاتبوون؛ گروپی یەکەم، بریتیبوون لە بازرگانە گەورەکان کە وەکو نوێنەر لە لقەکانی کۆمپانیاکە کاریان دەکرد و گروپی دووەم، بارزگانە ببچووکەکان بوون کە وەکو چاودێری بەرپرسی کڕین لە کۆمپانیاکە کاریان دەکرد (آبادیان، ١٣٧٦: ٧٥–٨٠).

ژمارەیەک کەسایەتیی گەورە و دەوڵەمەند لە شارەکانی ئیران لەگەڵ کۆمپانیای ڕژی کاریان دەکرد، وەک سەید عەلی نەزەریی تەباتەبائی لە کاشان، محەمەد عەلی ئەسفەهان لە کرمان، حاجی محەمەد سەراف لە ئەسفەهان و کورەکەی ئاغا محەمەد جەعفەر، حاجی محەمەد شەفیع شیرازی و ئیبراهیم قولی جەهرومی و محەمەد هادی شیرازی لە شیراز، حاجی ئەبو ئەلقاسم مەلک و ئەلتوجار کە برای بچوکی حاجی محەمەد ڕەحیمی ئەسفهانی بوو لەمەشهەد، حاجی محەمەد ڕەحیم ئەسفەهانی (ئەمین ئەلزەرب) لە تەبرێز، لەو کاتە سەید عەبدوئەلرەحیم مەعین ئەلتوجار کە گەورە بازرگانیکی شاری کرمان بوو داوای لە ئەمین ئەلزەرب و گەورە دەوڵەمەندانی ئێران کرد کە کۆمپانیای (رژی) نوێنەرایەتیی سەرەکی لە شاری کرمان دابمەزرێنێت (ناطق، ١٣٧٣: ١١١–١١٢). پیاوانی ئاینی سەرکردایەتیی ڕاستەقینەیان لە دژی جیاوکی تنباکو لە زۆربەی شارەکان گرتە ئەستو، هەروەها بە وتارەکانیان سەبارەت بە لە دەستدانی سەروەریی وڵاتەکەیان هانی خەڵکیان بۆ دژایەتیکردنی جیاوکەکە داوە (صالح المشهدانی، ٢٠١٥، ٢٠٢–٢٠٣)، دواتر بە فەرمانی ناسرەدین شا ڕاگەیێندراوێک ئاراستەی تاران و زۆربەی شارەکان کرا کە ناوەرۆکەکەی جەختی لە بەرگریکردن و هاوکاری کۆمپانیای ناوبراو دەکردەوە بە شێوەیەک کە لە زیانی جوتیار و بازرگانان نابێت و بەکارهێنەرانی توتن و تنباکۆ دڵنیاکردەوە، کە هیچ گزیکردنێک لە بەرهەمەکە ناکرێت، لە کۆتایی ڕاگەیەنراوەکە ئاماژە بە نیەتپاکیی

کۆمپانیاکە دەکات بە شێوەیەک کۆمپانیاکە هەلی کار بۆ خەڵکی بێکار دەڕەخسێنیت، تەنانەت بەشداریکردن و کڕینی پشک لە کۆمپانیاکە ئارەزوومەندانەیە و کۆمپانیاکە لەو کارە ڕێگر نابێت (تیموری، ١٣٦٣: ٣٩-٤٢-٤٥).

دوای ئەو بڵاوکراوەیە پیاوانی ئاینی و بازرگانان و ئەو کەسانەی لە ڕێگای کڕین و فرۆشتنی توتن و تنباکۆ ڕۆژانە گوزەرانی خۆیان پەیدادەکرد کە یەک لەسەر پێنجی دانیشتوانی ئێرانیان پێکدەهێنا، ئەمانە هەستیان بە پێشلکردنی سەربەخۆیی و دەستبەسەرداگرتنی ئێران لە لایەن ئەوروپا کرد (ناطق، ١٣٧٣: ١١٢). ئەمەش بووە هۆی دەستپێکردنی نارەزایەتییەکان دژی ئەو سیاسەتەی کە ئیران پەیڕەویدەکات، سەرەتای نارەزایەتییەکان لە سەر جیاوکی تنباکۆ لە دەرەوەی ئێران لە ڕێگای ڕۆژنامەی (ئەختەر) کە لە ساڵی ١٨٧٦ بە سەرپەرشتیی محەمەد تاهیری تەبریزی لە ئیستامبول دەرچوو، سەریهەڵدا (پور، ١٣٥٧: ٢٥٠-٢٥١). جێگای ئاماژەیە، ناسرەدین شا و کاربەدەستانی دەوڵەت دژی هەموو ڕێگرییەک لە کارەکانی کۆمپانیاکە وەستانەوە، بەڵام توانای دەستگرتنیان بەسەر پیاوانی ئاینی و ڕۆشنبیرانیان نەبوو کە خەڵکیان دژی جیاوکەکە هاندەدا، (جەمالەدین ئەفغانی) ڕۆشنبیر و کەسایەتییەکی سیاسیی ئەو کاتە بووە کە بە وتارەکانی هەوڵی هۆشیارکردنەوە و هاندانی خەڵکی دەدا (طباطبایی، ١٣٥٠: ٢٢)، هەروەها نامەیەک ئاراستەی ناسرەدین شا دەکات بەبێ ناو و واژۆ لە دژی جیاوگی تنباکۆ، کە تیایدا باس لە خراپیی بارودۆخی کارگێڕی و دەستبەسەرداگرتنی وڵات لە لایەن وڵاتانی بێگانە دەکات (ملک زادە، بی ت: ١٢٢). بەهۆی وتارەکانی و هاندانی خەڵک بڕیاری گرتنی درا و ناوبراو لە حەرەمی عەبدولعەزیم خۆی حەشاردا (بەست)، بەڵام دواتر دەستگیرکرا و بۆ دەرەوەی ئێران دوورخرایەوە، بۆ ماوەی شەش مانگ لە شاری بەسرا مایەوە و هەر لە بەسرا چاوی بە عەلی ئەکبەر فال ئەسیری زاوای میرزا محەمەد حەسەن حوسینی

شیرازی١٨١٥-١٨٩٥ (میرزای شیرازی لە پیاوانی ئاینی بەناوبانگی شیعە دانیشتووی سامەراء) دەکەوێت کە بە هەمان هۆکار دوورخرابۆوە، لە ڕێگەی ناوبراو نامەیەک بۆ میرزای شیرازی دەنێرێت بۆ ئەوەی ئەویش فەتوایەک دژی جیاوکی تنباکو دەربکات، هەوڵەکانی جەمالەدین ئەفغانی ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی لە سەرکەوتنەکانی میرزای شیرازی و میرزا حەسەنی ئاشتیانی لە پیاوە ئاینیەکانی تاران لە ڕەتکردنەوەی جیاوکی تنباکۆ (طباطبایی، ١٣٥٠: ٢٥-٢٦-٢١٠).

جێگای ئاماژەیە حکومەتی ئیران بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی جەمالەدینی ئەفغانی بیر لە گەڕانەوەی ناوبراو بۆ ئیران دەکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی (نجاتی، ب.ت: ١٠٠)، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو چونکە ناوبراو لە ڕێگای ڕۆشنبیری تورک (نیک نەفسی) گەیشتە لەندەن لەوێ بەردەوام بوو لە نووسینی وتار و دەرخستنی بیروڕای خۆی، تەنانەت  لە وتارێکیدا بە ناویشانی حکومەت و مست(حکومت و مشت) گومان دەخاتە سەر ئەقلی ناسرەدین شا بەرانبەر ئەو کارانەی دەیکات (براون، ١٣٧٦: ٢٩).

جێگای ئاماژەپێکردنە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک و حکومەت لە دژی جیاوکی تنباکو لە شیراز بووە (حسینی، بی ت: ١٧٢)، لە شاری تەبریز دژایەتییەکە سیمایەکی زۆر توندتری بەخۆوە گرتبوو کاتێک گشت بازاڕەکان داخران و ڕێگرییان لە هاتنی نوێنەرانی کۆمپانیاکە کردووە و سەرکردایەتیی شۆرش لە لایەن پیاوانی ئاینیی شارەکە بەڕێوەدەچوو، جەماوەری تەبریز بە سەرکردایەتی (میرزا جەواد موجتەهد تەبریزی) لە نامەیەک بۆ شا داوای ڕەتکردنەوەی جیاوکەکیان کردووە (Algar, 1969, 209)،و لە خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە ١٩ئابی١٨٩١ نزیکەی بیست هەزار چەکدار ڕژانە سەر شەقامەکان و سوێندیان خوارد کەوا کونسڵخانەی بەریتانیا لە شارەکە دەروخێنن ئەگەر

شا جیاوکەکە ڕەتنەکاتەوە(احمد، ١٩٨٥: ٢٠١)، شاری ئەسفەهانیش لە ناوچە گرنگەکانی شۆرش دژی جیاوکەکە دادەنرێت(اصفهان کربلایی، ١٣٧٧ ،٩١)، هەروەها لە شارەکانی تریش وەکو مەشهد ناڕەزایی خەڵک گەیشتە لوتکە (ادمیت، ١٣٦٠، ٦٠).

شێخ فەزلولای نوری سەرەرای ئاگادارکردنەوەی میرزای شیرازی لە هەواڵەکانی تایبەت بە شۆرش، شانبەشانی میرزا حەسەنی ئاشتیانی لە تاران ڕۆڵی بەرچاویان لە هاندانی خەڵک دژی ئەو جیاوگە گێڕاوە (احتشام السلطنه، ١٣٦٧، ٥٢٧)، دوای زیادبوونی ناڕەزاییەکان میرزای شیرازی لە ٢٦ تموز ١٨٩١ لە ڕێگای ناردنی نامەیەک داوای ڕەتکردنەوەی جیاوکەکە لە ناسرەدین شا دەکات (تیموری، ١٣٥٨: ١٠٢)، بەڵام دوای جێبەجێنەکردنی داواکاریەکەی گەیشتە ئەو باوەرەی کە بە بەڕێگای چارەی ئاشتی ناتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات، بۆیە فتوایەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە: " الیوم استعمال التنباک و التتن حرام بای نحو کان و من استعلمه کمن حارب الامام الزمان عجل الله فرجه. حرره الاحقر محمد حسن الحسینی". دواتر سەد هەزار دانەیان چاپکرد و ڕەوانەی ناوچە جیاوازەکانی ئێرانیان کرد، هەرچەندە شا و عەلی ئەسغەر ئەتابەک (ئەمین ئەلسوڵەتان) سەدری ئەعزەم١٨٨٨-١٨٩٦ بە مەبەستی ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە فتواکەیان بەدرۆخستەوە و هەوڵیانداوە ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی بکرێت(الخطیب، ١٩٩٥، ٢١٢)، دوای ئەوەی میرزا حەسەنی ئاشتیانی ڕەتیکردەوە کە لە ڕێگای پەیوەندی کردن بە میرزای شیرازی چارەسەرێک بۆ بابەتەکە بدۆزێتەوە لەلایەن حکومەت بە هۆکاری دروستبوونی ئەو نائارامییە تۆمەتبار و هەڕەشەی دوورخستەوەی لێکرا، بۆیە ناوبراو بڕیاری ڕۆیشتنی دا، بەڵام بەهۆی بەرگریی خەڵک لە میرزای حەسەنی ئاشتیانی هاوکێشەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هات(Wright ، 1977، ٣٠)، و لە ٣ شوباتی ١٨٩٢ بازارەکان داخران، خەڵک لە گشت چین و توێژەکان و تەنانەت ئافرەتیش لەم

ناڕەزایەتییانە بەشدار بووە دواتر بە هۆی زیادبوونی ناڕەزاییەکان و پێداگری خەڵک، ناسرەدین شا ناچار بوو بە پێدانی پێبژاردە بە بڕی (٥٠٠) هەزار لیرە و لە ٢٨ شوبات ١٨٩٢ جیاوکەکە ڕەتکرایەوە (آدمیت، ١٣٦٠: ١٠٦-١٠٧).

خراپیی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی خەڵک و هەوڵەکانی جەمالەدینی ئەفغانی و ژمارەیەک کەسایەتیی ئایینی و ڕۆشنبیر لە ڕێگای هۆشیارکردنەوەی خەڵک بە هۆی وتار و نووسینەکانیان و هاندانی میرزای شیرازی لە ڕێگای نامەکانی جەمالەدینی ئەفغانی بووە هۆی ئەوەی میرزای شیرازی فەتوای حەرامکردنی تنباکۆ ڕابگەیەنێت و ناسرەدین شای ناچار بە ڕەتکردنەوەی جیاوکەکە کرد، کە ئەمە بە یەکەمین سەرکەوتنی خەڵک بەسەر دەسەڵاتی بێگانە لە ئێران دادەنرێت.

### ٤_بانکی شاهەنشاهی

سیستەمی بانکی بە یەکێک لە فاکتەرەکانی پێشکەوتن و شارستانیەتی وڵاتان هەژماردەکرێت، یەکەمین هەوڵی دامەزراندنی سیستەمی بانکی لە ئێران لە ساڵی ١٨٦٤ لە ڕێکای ژان ساولانی فەرەنسی پێشنیازی دامەزراندنی بانکی خستە بەردەم میرزا مەحمود خان ناصرالملک(تیموری، ١٣٦٣:١٧٨-١٧٩) دواتر نووسینگەیەکی فەرەنسی بە ناوی نووسینگەی پاریسی ئەرلانگێر (Erlanger) لە ساڵی ١٨٦٦ هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو جیاوکەی داوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی سەرمایەی پێویست گفتوگۆکانی هەردوو وڵات وەستا، هەروەها لەساڵی ١٨٧٩ لەلایەن گەورە بازرگان ئەمین ئەلزەرب پێشنیازی دامەزراندنی بانک دەکرێت، و لە ساڵی ١٨٨٥ پێشنیازی دامەزراندنی بانکی ئێران و ئەفغانستان دەدرێت، بەڵام هیچ لەو هەوڵانە ئەنجامیان نابێت(عیسوی، ١٣٦٩: ٤٥٣-٥٤١).

بەریتانیا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم لە بواری بانکیدا ڕۆڵی دیاری بینوە و چەندین تۆڕی بانکی لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان دامەزراند، کە ڕۆڵی دیاریان لە گەشەکردنی ئابووری هەبوو، بە مەبەستی فراوانکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئیران لە سەردەمی ناسرەدین شا (بانکی شاهەنشاهی) لە ساڵی ١٨٨٩ دامەزراند، کە بە (دایکی جیاوکەکان) دەناسرێت. ئەم هەنگاوەش بە تەواوکەری سیاسەتەکەی لە دامەزراندنی زنجیرە بانکەکانی لە ناوچەکانی جیهان دادەندرێت (شاهدی، ١٣٨٧: ٣٨–٤٠).

هۆکاری دامەزراندنی بانکی شاهەنشاهی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوکی ڕویتەر کە لە ساڵی ١٨٧٢ لە سەردەمی سەدری ئەعزەمی سپهسالار و مالکم خان نوێنەری ئێران لە لەندەن بە بارون جولیوس ڕویتەر بەخشرا (ساسانی، ١٣٦٢: ٥٧)، چونکە بەپێی بەندی(٢٠)ی ڕێککەوتننامەکە دەبێت ئێران پرڕۆژەی دامەزراندنی ئەو بانکە بە ڕویتەر بدات لەگەڵ هەر پڕۆژەیەکی نوێی بانکی تر (کاظم زادە، ١٣٧١: ١٩٤). دوای ئەوەی لە ژێر فشار و هەڕەشەکانی ڕوسیا جیاوکی ڕویتەر هەڵوەشایەوە (سایکس، ١٣٦٢: ٥٧٩). هنری درومون‌د ولف باڵوێزی بەریتانیا لە ئیران لە ساڵی ١٨٨٨ کەوتە هەوڵی زیندووکردنەوەی جیاوکی ڕویتەر (اعتماد السلطنە، بی تا: ٦١)، سەرەڕای هاوکاری بەشێک لە کاربەدەستانی ئێران لەوانە میرزا عەلی ئەسغەر ئەتابەک (ئەمین ئەلسولتان) سەدری ئەعزەم و(قەوام ئەلدەولە) وەزیری دەرەوە لەگەڵ بەریتانیا، بەڵام هەندێکیان وەکو محەمەد حەسەن خان(ئیتماد ئەلسەڵتەنە)وەزیری چاپ دژی ئەو ئەم هەوڵە وەستانەوە (کاظم زادە، ١٣٧١: ١٩٤).

جێگای ئاماژەیە هۆکاری دامەزراندنی پڕۆژەی بانکی لەلایەن بەریتانیا و هەڵبژاردنی ڕویتەر بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو کارە سەرەڕای

بەندی (٢٠)ی ڕێککەوتننامەکە دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی ڕویتەر لە بواری بانکی (تیموری، ١٣٦٣: ٩٦-٩٧).

دوای هەوڵێکی زۆر لە ٣ی کانونی دووەمی ١٨٨٩ ناسرەدین شا جیاوکی دامەزراندنی بانکی شاهەنشاهی بە ڕویتەر بەخشی، ویلیام کێسویک (Willam Keswick) (١٨٣٥ـ ١٩١٢) بەڕێوەبەری بانکی هونک کونک سەرۆکایەتی دامەزراوەکەی پێسپێردرا، بەپێی ڕێککەوتننامەکە بنکەی سەرەکیی بانکەکە لەم شوێنە دەبێت کە ڕێژەیەکی زۆری بەشەکان لەوێ فرۆشرا بێت و بەمجۆرە بنکەی سەرەکیی بانکەکە لە لەندەن بە سەرمایەی چوار ملیۆن لیرە دامەزرا (رودسری، ١٣٨١: ٤٤).

یەکەمین سیستەمی بانکی لە ئێران بەر لە وەرگرتنی جیاوکی ڕویتەر و دامەزراندنی بانکی شاهەنشاهی، بنکەیەکی بانکی بەریتانی بوو، کە لە ساڵی ١٨٨٨ بە ناوی (بانکی نوێ ڕۆژهەڵات ـ بانک جدید شرق) ( New worientol Bang) دامەزرا کە بنکەی سەرەکی لە لەندەن بوو، پاشان چەندین بنکەی تری لە شارەکانی ئەسفەهان، بوشەهر، تەبرێز، ڕەشت، شیراز و مەشهەد کردەوە و لە دوای ساڵێک بانکی ناوبراو مافەکانی خۆی بە بانکی شاهەنشاهی ئێران کە بانکێکی بەریتانی بوو، فرۆشت (تقوی، ١٣٨٤: ١١٧).

پەسەندکردنی جیاوکی بانکی شاهەنشاهی لەلایەن ناسرەدین شا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆ لەوانەش ڕزگاربوون لە فشاری بەریتانیا و ڕویتەر بەهۆی هەڵوەشانەوەی جیاوکی ڕویتەر لە ١٨٧٣، هەروەها پێویستیی خودی شا بە بەدەستهێنانی بڕێک پارە و ڕێکخستنی سێیەم گەشتی بۆ ئەوروپا، و دابینکردنی سەرمایەیەکی نوێ بۆ شا و خەزێنەی دەوڵەت، هەروەها حەزی ناسرەدین شا بۆ دامەزراندنی بانکێکی سەردەمیانە لە ئێران، هاوکات چاپکردنی پارەی کاغەز کە بڕیاربوو بخرێتە چوارچێوەی کاری دەوڵەت بۆ کۆمپانیای هێنری شرودێر ( Henri

Shroder) بەرپرسی جیاوکی هێڵی ئاسنی لە ئەمریکای لاتینی گواسترایەوە و پارەی کاغەزی یەک تاکو سەد تومەن و هەزار توومەنیش لە چاپ درا(ناطق، ١٣٧٢: ٢٥-٢٧)،

دەتوانین بڵێین ئامانجی بەریتانیا لە دامەزراندنی بانکی شاهەنشاهی بۆ دەستگرتن بەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران و پێدانی بەرتیل بە کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەت بۆ سەرکەوتن بەسەر ڕکاربەرەکانی بووە. لە لایەکی تر، حەز و ئارەزووی شا و بەشێک لە کاربەدەستانی حکومەت بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و پێشکەوتن و گەیشتن بە شارستانیەتی ئەوروپا بووە.

### ٥_جیاوکی تلگراف

تلگراف یەکێکە لەو زانستانەی کە لە بواری سیاسی و سەربازی خزمەتێکی زۆری بە بەریتانییەکان کردووە، هۆکاری دامەزراندنی و بنیادنانی تلگراف لە ئێران لە سەردەمی ناسرەدین دەگەڕایەوە بۆ گرنگیی ئیران لە ڕووی ستراتیژی و هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی کە دەکەوێتە سەر ڕێگای هیندستان کە بۆ بەریتانییەکان گرنگیی خۆی هەبوو بە تایبەتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانیان لە ناوچەکە، هەر چەندە دامەزراندنی تلگراف لە ئیران بۆ ئاستی زانست و هۆشیاریی خەڵکی ئیران ناگەڕێتەوە، بەڵام دواتر کاریگەریی ئەو هەنگاوە بەسەر لایەنی زانستی و هۆشیاریی خەڵک دەردەکەوێت (سایکس، ١٣٦٢: ٧٩٦).

دوای شۆرشی هیندستان لە ساڵی ١٨٥٩ بۆ چاودێریی چڕی بارودۆخی ناوچە داگیرکراوەکان بەریتانیا بڕیاری بنیادنانی تلگرافی لە ئێران خستە بواری جێبەجێکردن. مێژووی دامەزراندنی تلگرافخانەکان لە سەردەمی ناسرەدین شا لە چەند شوێنێک بە پێی گرنگی و پێویستییان دامەزرا، وەک ڕاکێشانی تلگرافی نێوان (دارئەلفنون و کۆشکی شاهانە) لە

ساڵی ١٨٥٧ به هەوڵی میرزا مالکم خان، ڕاکێشانی هێڵەکه له (کۆشکی شاهانه تا باخی لالەزار) له تاران له ساڵی ١٨٥٧ به هەوڵ و چاودێریی (کرشش) مامۆستای تۆپخانەی دارئەلفنون، و هێڵی تلگرفی نێوان تاران و کۆشکی شاهانه له زەنجان له ساڵی ١٨٥٨، درێژکردنەوەی هێڵی تلگرافی تاران و کۆشکی شاهانه له تەبرێز له ساڵی ١٨٥٨ به هەوڵی شازاده (ئیتزاد ئەلسەڵتەنه) وەزیری زانست (علوم)، پێکەوەبەستنی (کۆشکی شا له تاران و شەمیران) له ساڵی ١٨٦٠، به یەک بەستنی (کۆشکی شا و گیلان) له ساڵی ١٨٦٢ به هەوڵی سەرهەنگ عەلی قولی خان کوڕی ڕەزا قولی خانی هدایەت، گواستنەوی هێڵی تلگراف لەسەر سنووری (ڕووباری ئەرەس تا بەندەری بوشەهر)، هەروەها ڕاکێشانی هێڵی تلگراف له (خانەقین تاکو کۆشکی شا) له تاران و له (کەنداوی فارس تا دەوروبەری هیندستان و عەرەبستان) له ساڵی ١٨٦٣، شاری تەبرێز که شوێنی نیشتەجێبوونی جێگری فەرمانرەوای ئیران بوو به هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای، که له سەر ڕێگای بازرگانی شارەکانی باکو، تەفلیس، ئیستامبول و بەرلین، ... هتد بوو، دوای تاران دووەمین شاری ئیران بوو که له ساڵی ١٨٦٠ دەبێته خاوەن هێڵی تلگراف (رمضانی، ١٣٨٦: ١٤٧).

عەلی قولی خانی هدایەت ڕۆڵێکی دیاری له ڕاکێشانی هێڵی تلگراف له ئیران بینیوه و نوێنەرایەتیی ئیرانی له ڕێککەوتننامەکان کردووه (فسائی، ١٣٦٧: ١١٢٤)، و وەکو بەرپرسی ڕاکێشانی هێڵی نێوان (تاران بۆ سوڵتانیه) له ساڵی ١٨٦٠ کاریکردووه و له سوڵتانیه پلەی (سەرهەنگی) پێبەخشرا، دوای ڕاکێشانی هێڵی (تاران بۆ گیلان) له ساڵی ١٨٦٢ پلەی (سەرتیپی سێیەم)ی پێدەبەخشرێت و له ساڵی ١٨٦٩ نازناوی موخەبر ئەلدەولەی پێبەخشرا (شیرازی، ١٣٦٠: ٢٠٤)، و له ساڵی ١٨٧٧ وەکو بەرپرسی گشتیی پاڵپشتی هێڵی تلگرافی ناسرا (فسائی، ١٣٦٧: ١١٢٤). یەکەمین ڕێککەوتننامەی تلگرافی نێوان ئێران و بەریتانیا له ساڵی ١٨٦٢ به واژووی میرزا سەعید خان مۆتمەن ئەلمولک و فەرۆخ خان ئەمین

ئەلدەولە و عەلی قولی خان وەکو نوێنەری ئێران و ئێدوارد بکهاوس ئستویک (Edward B. Eastwick) وەک نوێنەری بەریتانیا بەسترا، کە لە شەش بەش پێکهاتبوو (بختیاری، ١٣٢٦: ٣٩٩-٤٠٠).

دوای بەستنی یەکەمین ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و بەریتانیا تا کوتایی ساڵی ١٨٦٤ هێڵی تلگراف لە ڕێگەی ئوقیانوسی مدیترانە بۆ خانەقین، کرمانشا، هەمەدان، بوشەهر، ئەسفەهان، شیراز ڕاکێشرا، هەروەها ڕاکێشانی هێڵێکی تر لە باکووری ئێران لە ڕێگەی قەفقاز دەستپێکرد، هەروەها ڕێککەوتننامەیەکی تر لە ٢٣ تشرینی دووەمی ١٨٦٥ بۆ ڕاکێشانی هێڵی دووەمی تلگراف تایبەت بە ئەوروپا لە نێوان هەردوو دەوڵەت بەسترا و نزیکەی پەنجا کەس لە بەریتانییەکان بەرپرسی ئەو هێڵە بوون، کە بە پێی ڕێککەوتنی پێشوو ماوەیەی کارکردنیان لە (٥) مانگ بۆ(٥) ساڵ درێژکرایەوە و بەشی ئێران لە داهاتی ئەو هێڵە (٣٠٠) هەزار تومەن بوو و گفتوگۆکانی ناوخۆیی بە خۆڕایی بوون، بە پێی ڕێککەوتننامەکە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی جیاوکەکە هەموو هێڵ و ستون و باڵەخانەکانی تایبەت بەم پڕۆژەیە دەبێتە موڵکی دەوڵەتی ئێران، ڕێککەوتننامەی سێیەم تایبەت بە هێڵی تلگراف لە ساڵانی (١٨٧١_ ١٨٩٥) لە نێوان میرزا سەعیدخان وەزیری دەرەوە و نوێنەری بەریتانیا ڕوناڵد تۆمسون وژاۆکرا، بەپێی ڕێککەوتننامەکانی ڕاکێشانی هێڵی تلگرافی لە نێوان ئێران و بەریتانیا ڕێککەوتننامەی یەکەم تایبەت کرا بۆ گفتوگۆکانی ناوخۆیی ئیران و دوو ڕێککەوتننامەکەی تر بۆ گفتوگۆکانی لەگەڵ دەرەوەی ئێران تەرخانکران (جمالزادە، ١٣٧٦: ١١٢).

بەندەری بوشەهر بە هۆی گرنگی شوێنەکەی لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیی ئەندازیارە بەریتانییەکان چەندین هێڵی تلگرافی پێداتێپەڕیوە، هەروەها چارلز ئالیسون باڵوێزی بەریتانیا لە ڕێگەی کڕینی زەوی و پێدانی بڕی (٦٠٠) هەزار لیرە ساڵانە بە حکومەت بە مەبەستی

جێگیرکردنی بەرپرسانی سیاسی بەریتانی لە تلگرافخانەکان بڕیاری دامەزراندنی چەندین نووسینگەی تلگرافخانەی لە شارەکانی تاران، ئەسفەهان، شیراز، بوشەهر و بەندەرەکانی باشووری خستە بواری جێبەجێکردن، لەم سۆنگەیەوە بەریتانیا بەهۆی گرنگی لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی تلگرافخانەکان و بۆ پارێزگاریکردنیان هەڵسا بە دامەزراندنی کونسوڵگەری لە شارە جیاوازەکان (مهدوی، ١٣٧٥: ٧٥-٧٦-٢٨٩). ئەمەش بووە هەنگاوێک بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی لە ئێران.

جێگەی ئاماژەپێکردنە تلگرافخانەی بوشەهر لە دوو بەشی جیاواز بە گوێرەی ناوچە دیاریکراوەکان چالاکییەکانیان ئەنجامداوە، یەکەمیان هێڵی تلگرافی هند و ئەوروپا کە بە (سیم ئینگلیزی) ناسرابوو، هێڵی دووەم (سیم ئێران) کە هێڵی تلگرافی ئێران بووە کە هەردوو بنکە سەر بە بنکەی سەرەکی هێڵی تلگراف لە شاری ڕیشەهر لە(باشووری بوشەهر) بووە (لوریمر، ١٣٩٤: ٣٦).

شایانی باسە گرنگیی ڕاکێشانی هێڵی تلگراف لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا شوێنی تایبەتی خۆی هەبووە، بە شێوەیەک تلگرافخانەکان بوون بە بنکەیەکی سیخوڕی و گواستنەوەی زانیارییەکان، کە ئەمەش شوێنپێی ئەو وڵاتەی لە ئێران بەهێزتر کرد.

**٦_جیاوکی لاتاری**

ناسرەدین شا لە ماوەی سێیەمین گەشتی بۆ ئەوروپا و لە کاتی مانەوەی لە سکۆتلەندە، میرزا مالکم خان لە ساڵی ١٨٨٩ بە پێدانی (١٠٠٠) لیرەی زێر توانی جیاوکی لاتاری بۆ کەسایەتییەکی فەرەنسی (بوزیک دۆکاردوال) سکرتێری باڵوێزخانەی ئێران لە لەندەن دەستەبەربکات، لە ڕاستیدا مالکم خان خاوەنی ڕاستەقینەی جیاوکەکە بوو

تەنها ڕێککەوتننامەکە بە ناوی دۆکاروال تۆمارکرا بۆ ئەوەی لە ئەگەری هەر پێشهات و دژایەتییەک لە لایەن ئێران بەرانبەر جیاوکەکە ئەوا خاوەنەکەی ئێرانی نەبێت بۆ ئەوەی جیاوکەکە بە ئاسانی هەڵنەوەشێتەوە، و شا دوای پێدانی ئەو جیاوکە بە مالکم خان ڕایگەیاند تا ئەو کاتەی لە گەشتی ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ کەسی تر نەگوازرێتەوە (تیموری، ١٣٦٣، ١٠٨–_ ١٠٩)، بەڵام هەر زوو مالکم خان بۆ قازانجی زیاتر جیاوکەکەی بە کۆمپانیای ئینگلیزی – ئاسیایی کە میکائیلی برای یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئەو کومپانیایە بووە و پاڵپشتی لێکردووە بە پێشەکی (٢٠) هەزار لیرە فرۆشت، جیاوکی لاتاری وەکو پەڵەیەک لەسەر ژیانی سیاسیی میرزا مالکم مایەوە گشت ماف و جیاوکی تایبەت بەم جیاوکە بۆ ماوەی (٧٥) ساڵ بە ناوبراو دراوە (رایت، ١٣٦٨: ٢٩٤_–٢٩٧).

هەر چەندە بەپێی ڕێککەوتننامەکە ئێران دەیتوانی لە ڕێگەی بەرپرسانیەوە بەدواداچوون بۆ کاروباری جیاوکی لاتاری بکات، بەڵام سەدری ئەعزەم میرزا عەلی ئەسغەر ئەتابەک (ئەمین سوڵتان) هەوڵیدا لە ڕێگەی فتوای زانا و پیاوە ئاینییەکان و ڕەزامەندیی شا ڕێککەوتننامەکە لە ١٨ کانوونی یەکەمی ١٨٨٩ هەڵبوەشێتەوە و هەواڵی هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامەکە کاتێک لە ڕێگای وەزیری دەرەوە میرزا عەباس خان قەوام ئەلدەولە گەیشتە مالکم بەر لە تۆمارکردنی هەواڵی ڕەتکردنەوەکە جارێکی تر جیاوکەکەی بە پێشەکی (٢٠) هەزار لیرە بە کۆمپانیایەکی تر بە ناوی سەرمایەگوزاریی ئێران دەفرۆشێت (تیموری، ١٣٦٣: ١٠٨– ١٠٩) و کاتێک هەواڵی هەڵوەشانەوەی جیاوکەکە لە ڕۆژنامەی تایمز لە لەندەن بڵاوکرایەوە مالکم خان ئەوەی ڕایگەیاند کە مامەڵەی فرۆشتنەکە پێش گەیشتنی هەواڵی هەڵوەشانەوەی جیاوکەکە ئەنجامدراوە بۆیە ناکرێ هەڵبوەشێتەوە، بەمەش کڕیارەکان لە ڕێگای باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تاران داوای قەرەبووکردنەوە یاخود پەشیمانبوونەوە لە ڕەتکردنەوەی جیاوکەکەیان کرد. لە لایەکی تر، بە هۆی بێبەڵێنی مالکم خان لە پێنەدانی

بڕی (٢٠) هەزار لیرە بە سەدری ئەعزەم میرزا عەلی ئەسغەر تورەیی ناوبراوی لێکەوتەوە، بۆیە هەوڵیدا لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوە فشار لە مالکم بکات بۆ گەڕانەوەی پارەکە هەرچەندە مالکم وەکو جاری پێشوو دوپاتیکردەوە کە مامەڵەی فرۆشتنەکە بەر لە هەڵوەشانەوەی جیاوکەکە بووە، بەهۆی سەرپێچیی مالکم لە ١٦ی ئاداری ١٨٩٠ بڕیاری دوورخستنەوەی لە پۆستەکەی درا، هەروەها ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی نازناوەکانی کە ئەو بڕیارەش لە ڕۆژنامەکانی لەندەن بڵاوکرایەوە (اصیل، ١٣٨٤: ٢٦).

محەمەد عەلی خان وەکو باڵوێزی نوێی ئێران لە لەندەن دەستنیشانکرا و لەسەر داوای ناسرەدین شا هەوڵیدا لەو کارە تەنها مالکم خان گوناهبار بکرێت، بە شێوەیەک کە ئێران لە هیچ بارودۆخێکدا ناچار بە قەرەبووکردنەوەی کڕیارەکان نەبێت، و ڕاوێژکاری بالوێزخانە (سر واڵتر فیلیمۆر ـ Sir walter Phillimore) ڕایگەیاند قەرەبووکردنەوەی هەڵوەشانەوەی جیاوکەکە لە ئەستۆی مالکم خانە، بەمەش ناسرەدین شا و محەمەد عەلی خان هەوڵیاندا لە ڕێگای کڕیارەکان لە ١٨٩٢ سکاڵا لەسەر مالکم خان تۆماربکەن (رائین، ١٣٥٣: ١٠٢-١٠٧)، بەڵام مالکم هیچ شوێنپێی لە دوای خۆی جێنەهێشتبوو، بەمەش دوای چەندین دانیشتنی دادگا لە ئاداری ١٨٩٣ بە هۆی نەبوونی بەڵگەی پێویست لەسەر تۆمەتبارکردنی ناوبراو دادگاییەکە بێ دەرئەنجام کۆتاییهات و کڕیارانی جیاوکەکە نەیانتوانی هیچ پارەیەک وەربگرنەوە و بابەتەکە داخرا (ولایتی، ١٣٧٢: ٣٢٨-٣٣٩).

جێگای ئاماژەیە (ئیدوارد براون) ڕۆژهەڵاتناس و ڕێکخەری کاروباری سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دوای دوورخستنەوەی مالکم لە پۆستەکەی کرد، کە پێشتر ئاشنایەتیان هەبووە و زیاتر لە جاران چاویان بە یەکتر کەوتووە، بروان لەو کێشەیە مالکم خان بەبێ تاوان

دەردەخات و لە ماڵی مالکم خان لەگەڵ جەمال الدین ئەفغانی ئاشنادەبێت، براوان هەوڵیدا هەردوو یاخیبوو لەڕێگەی وتار و بانگەشەکانیان لە دژی ناسرەدین شا و سەدر ئەعزەم کار بکەن و دواتر نووسینەکانیان لە چەندین ناوچەی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و چەندین ناوچەی ئەوروپی بڵاوکرانەوە، دوای بڵاوبوونەوەی نووسینەکانیان لە تاران سەدری ئەعزەم دوای ڕەزامەندیی ناسرەدین شا لە ڕۆژنامەکانی (ئێران، ئیتلاع لە تاران و ئەختەر لە ئیستامبول) وەڵامی وتارەکانیانی دایەوە، مالکم خان و جەمال ئەدین ئەفغانی وتارەکانیان لە ڕۆژنامەکانی (قانون، عروة الوثقی، ضیاء الخافقین) لە لەندەن و پاریس بڵاودەکردەوە بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی قانون (لە لەندەن لە٢٠شوباتی ١٨٩٠ تاکو ١٨٩٨ لە لایەن مالکم خان چاپکراوە) کە ڕوڵی سەرەکی گێڕاوە، هەروەها براوان چەندین وتاری لە گۆڤاری ئاسیایی (مجله آسیایی) و چەندین ڕۆژنامەی تری لە لەندەن بڵاوکردنەوە. بە شێوەیەکی گشتی جیاوکی لاتاری و هەڵوەشانەوەی وایکرد مالکم خان و شا بە پێنووسەکانیان دژایەتیی یەکتر بکەن (رائین، ١٣٥٣: ١٠٩-١١٠).

جێگای ئاماژەیە کاتێک مالکم خان لە دژایەتیکردنی شا و سەدری ئەعزەم هیچی دەستنەکەوت بەمەش نامەیەکی ئاشتیخوازی بۆ ئەمین ئەلسوڵتان دەنێرێت (صفایی، ١٣٤٩: ٤٩)، و ناوبراویش دوای ڕەزامەندیی شا پێشنیازی دامەزراندنی وەک باڵیۆزی ئێران لە ئیتالیا کرد بەڵام مالکم بە پێشنیازەکە ڕازینابێت و دووبارە هەمان هەڵوێستی پێشووی لە دژیان وەرگرتەوە (صفایی، ١٣٤٩: ١٣٣-١٣٥).

جێگای ئاماژەپێکردنە ناسرەدین شا کاتێک بە هۆی نەگونجانی جیاوکی لاتاری لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام و ناڕەزایی خەڵک بڕیاری هەڵوەشانەوەی جیاوکەکەی دەرکرد، مەبەستی دوورخستنەوەی مالکم لە پۆستەکەی نەبووە، بەڵکو بە هۆی سەرپێچیکردنی ناوبراو لە بڕیاری شا

و شاردنەوەی تلگرافەکە بە مەبەستی فرۆشتنی دووبارەی جیاوکەکە بڕیاری لەکارلادان و وەرگرتنی نازناوەکانی لە لایەن شا دەرکرا.

**ئەنجام**

١- ئیران بە هۆی هەڵکەوتەی شوینی جوگرافی لە ڕووی سیاسی و ئابووری تایبەتمەندیی خۆی هەبووە، کە ئەمەش ببووە فاکتەرێکی کاریگەر لە سەر پەیوەندییە دەرەکییەکان.

٢- ململانێی نێودەوڵەتی بۆ بەرجەستەکردنی دەستکەوتە سیاسی و ئابوورییەکان لە ئیران پێگەی ئەو وڵاتەی بەهێزکرد بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم.

٣- بەریتانیا بۆ پاراستن و پارێزگاریی دەسەڵاتەکانی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە هیندستان هەوڵیدەدا لە ڕێگای پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیران دەستەبەر بکات و لە هەندێ کاتدا ویستەکانی ئیرانی جێبەجێدەکرد.

٤- سیاسەتی ناسرەدین شا لە ڕووی پێدانی جیاوکەکان بە بەریتانیا دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی لە ئیران زیادکرد و ناڕەزایی ناوخۆیی بە دوای خۆیدا هێنا، کە ئەمەش کاریگەری کردە سەر پەیوەندییەکان.

٥- ئێران بە هۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەریتانیا توانی لە هەندێ بواردا پێشکەوتن بە خۆوە ببینێت، دیاترینیان ڕاکێشانی هێڵی تلگراف و کردنەوەی بانکەکان.

٦- کرانەوەی ئیران لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا بە تایبەتی لەگەڵ بەریتانیا لە سەر بنەمای بەرژەووندییە هاوبەشەکان و بەستنی چەند پەیماننامە و ڕێککەوتنە لە نێوانیان.

**لیستی سەرچاوەکان:**

- سەرچاوە بە زمانی فارسی
- آبادیان، حسین، اندشیه دینی جنبش ضد رژی، تهران، موسسه مطالعات تاریخ معاصر ایران، ١٣٧٦.
- احتشام السلطنه، میرزا محمودخان، خاطرات احتشام السلطنه، انتشارات زوار، تهران، ١٣٦٧.
- آدمیت، فریدون، شورش بر امتیازنامه رژی، تهران، انشارات پیام، ١٣٦٠.
- اصفهان کربلایی، حسن، تاریخ دخانیه، به کوشش. موسی نجفی و رسول جعفریان، تهران، ١٣٧٧.
- اصفهان کربلایی، حسن، قرارداد رژی، تهران، مبارزان، ١٨٩٠.
- اصیل، حجت الله، میرزا مکم خان ناظم الدوله و نظریه پردازی مدرنیتەی ایرانی، تهران، کویر، ١٣٨٤.
- اعتماد السلطنه، محمد حسین خان، خلسه یا خواب نامه(بی جا)، (بی تا).
- اعتماد السلطنه، محمد حسن خان، خلسه(مشهور به خوابنامه)، کوشش. محمودکتیرایی، بی جا، بی تا.
- افشار، پرویز، صدراعظمهای قاجاریه، تهران، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، ١٣٧٢.
- امین الدوله، فرخ خان، مجموعه اسناد، بەکوشش کریم اصفهانیان و قدرت الله روشنی، تهران، دانگشاه تهران، ١٣٤٦.

- انصار، مصطفی، تاریخ خوزستان(۱۸۷۸-۱۹۲٥)، دوره خاندان کعب و شیخ خزعل، ترجمه:محمد جواهر کلام، تهران، انتشارات شایگان، ۱۳۸٤.
- بامداد، مهدی (۱۳٦۲)، شرح حال رجال ایران، تهران، گلشن.
- بختیاری، حسین بژمان، تاریخ پست وتلگراف وتلفن، تهران، انتشارات علمی، ۱۳۲٦.
- براون، ادوارد، انقلاب مشروطیت ایران، ترجمه: مهر قزوینی، تهران، کویر، ۱۳۷٦.
- پور، یحیی آرین، از صبا تا نمیا، تهران، انشتارات جیبی، ۱۳٥۷.
- تقوی، مهدی، اقتصاد کلان، تهران، انشارات دانشگاه پیام نور، ۱۳۸٤.
- تیموری، ابراهیم، تحریم تنباکو، تهران، کتابهای جیبی، ۱۳٥۸.
- تیموری، ابراهیم، عصر بی خیری یا تاریخ امتیازات در ایران، تهران، اقبال، ۱۳٦۳.
- جمالزاده، سید محمد علی، گنج شایگان یا اوضاع اقتصادی ایران، تهران، بنیات موقوفات محمدافشار، ۱۳۷٦.
- جن راف، کارثویت، تاریخ سیاسی اجتماعی بختیاری، ترجمه: محراب امیری، تهران، سهند، ۱۳۷۳.
- چارلز عیسوی، تاریخ اقتصادی ایران، ترجمه: یعقوب آژند، تهران، گستره، ۱۳٦۹

- دلاوری، ابو الفضل، ایران در عصر قاجار، مندرج در حدیث انقلاب، جستارهایی در انقلاب اسلامی ایران، مجموعه مقالات، تهران، انشتارات بین المللی الهدی، زمستان ١٣٧٧.
- دیولافوا، ژان، سفرنامه خاطرات کاوش های باستان شناسی شوش ١٨٦٦- ١٨٨٤، ت: ایرج فرەوشی، تهران، دانشگاه تهران، ١٣٦٩.
- رایت، دنیس، ایرانیان درمیان انگلیس ها، ترجمه: مریم امامی، تهران، نشرنو، ١٣٦٨
- رائین، اسماعیل، میرزا ملکم خان زندگی وکوشش های سیاسی او، تهران، مطبوعات صفیعلیشاه، ١٣٥٣.
- رمضانی، عباس، معاهدات تاریخی ایران، تهران، ترفند، ١٣٨٦.
- رودسری، منیره ربیعی، بانک وبانکداری درایران، تهران، دفتر پژوهشهای فرهنگی، ١٣٨١.
- ساسانی، احمد خان ملک، دست پنهان سیاست انگلیس در ایران، تهران، بابک، ١٣٦٢.
- سایکس، سرپرسی، تاریخ ایران، ترجمه: محمد تقی فخرداعی گیلان، ج٢، تهران، انشتارات علمی، ١٣٦٢.
- سیاح، محمد علی بن محمد رضا، خاطرات حاج سیاح یا دوره خوف وحشت، تصحیح: سیف الله گلکار، بەکوشش حمید سیاح، تهران ، ابن سینا، ١٣٤٦.
- شاملو، حبیب الله، تاریخ ایران از ماد تا پهلوی، تهران، ب.ت.

- شاهدی، مظفر، تاریخ بانک شاهنشاهی ایران، گوشه های از روابط سیاسی واقتصادی ایران وانگلستان ١٩٥٢ - ١٨٨٨، تهران، پژوهشکده پولی و بانکی، ١٣٨٧.
- شیرازی، میرزا غلا حسین خان افضل الملک، افضل التواریخ، به تصحیح منصوره اتحادیه و سیروس سعدونیان، تهران ، نشر تاریخ ایران، ١٣٦٠.
- صفایی، ابراهیم، اسناد نو یافته، بی جا، ١٣٤٩.
- طاهری، ابوالقاسم، تاریخ روابط بازرگانی و سیاسی ایران و انگلستان، تهران، انتشارات انجمن اثار ملی، ١٩٤٧.
- طباطبایی، محمد محیط، نقش سید جمال الدین اسد آبادی در بیداری مشرق زمین، قم، دفتر تبلیغات اسلامی، ١٣٥٠.
- عبدالرضا هوشنگ مهدوی، تاریخ روابط خارجی ایران، تهران، امیر کبیر، ١٣٧٥.
- فسائی، حاج میرزا حسن حسینی، فارسنامه ناصری، تصحیح و تحشیه از منصور رستگار فسایی، تهران، امیرکبیر، ١٣٦٧.
- کاظم زاده، فیروز، روس و انگلیس در ایران(١٨٦٤-١٩١٤)، ترجمه: منوچهر امیری، تهران، اموزش انقلاب اسلامی، ١٣٧١.
- کسروی، احمد، تاریخ پانصد ساله خوزستان، تهران، انتشارات کوتنبرگ، ١٣٦٦.
- لوریمر، جان گوردون، سواحل خلیج فارس، تهران، ابادبوم، ١٣٩٤.

- محمود، محمود، تاریخ روابط سیاسی ایران وانگلیس در قرن نوزدهم، تهران، نشراقبال، ۱۳٦۷.
- ملک زاده، مهدی، تاریخ انقلاب مشروطیت ایران، تهران، کتابخانه سقراط، بی تا.
- ناطق، هما، بازرگانان در داد و ستد با بانک شاهی و رژی تنباکو، تهران، توس، ۱۳۷۳
- نجاتی، محمد رضا، تحریم تنباکو، تهران، موسسەی انشتارات فراهانی، ب.ت.
- نصر، سید تقی، ایران در برخورد با استعمارگران ـ از آغا قاجار تامشروطیت، تهران، شرکت مولفان، مترجمان ایران، بهار، ۱۳٦۳.
- ولایتی، علی اکبر، تاریخ ایران دردوره ناصرالدین شاه، تهران، مۆسسه چاپ وانتشارات وزارت امور خارجه، ۱۳۷۲.
- سەرچاوە بە زمانی عەرەبی
- صالح المشهدانی، خلیل ابراهیم، العلاقات البریطانیة الایرانیة۱۸۵۷–۱۹۰۷، دار و مکتبة عدنان، بغداد، ۲۰۱۵.
- احمد، کمال مظهر، دراسات فی تاریخ الحدیث و المعاصر، مکتبة الیقظة العربیة، بغداد، ۱۹۸۵.

**گۆڤار**

- أکبری، مرتضی و ناصری، اکرم، بررسی رویکرد سیاسی ـ نظامی انگلستان در خوزستان و مواضع دولت ایران در قبال

آن در عصر قاجاریه، فصلنامه علمی، ترویجی مطالعات تاریخ انتظامی، سال سوم، شمار (۹)، تابستان، ۱۳۹۵.
- طوسی، رضا رئیس، استراتژی زمین های سوخته، عین الدوله، انگلیسها وعمران خوزستان، تهران، مجله تاریخ معاصرات ایران، شماره(۱)، ۱۳۷٦.
- نوری، حسین، خوب یا بد سپهسالار، پژوهشگاه علوم انسانی ومطالعات فرهنگی، شماره(۲۸)، ۱۳۸۳.

**مجله**

- الخطیب، مصطفی عقیل، ثورة تحریم التبغ فی ایران"التنباکو" ۱۸۹۰-۱۸۹۱، مجلة، کلیة الانسانیات و العلوم الاجتماعیة، ع(۱۸)، جامعة قطر، ۱۹۹٥.
- السامرائی، نوری عبدالبخیت، الصراع الروسی البریطاني في ایران عشیة الحرب العالمیة الأولی، الخلیج العربی"مجلة"، السنة(١٤)،، مج(۱۸)، ع(۳-٤)، جامعة البصرة، ۱۹۸٦.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی**

- Algar, Hamed, Religin and State in Iran 1785-1906, Losangless, 1969.
- Charls, Isswai, The Economic history of Iran1800-1914.

– Denis, The English Amongst the Persia, London, Wright, 1977.


**ملخص البحث**


العلاقات الايرانية البريطانية فى عهد ناصرالدين شاه ١٨٤٨-١٨٩٦

تكتسب العلاقات بين إيران وبريطانيا من ١٨٤٨ إلى ١٨٩٦ أهمية سياسية واقتصادية خاصة لأنه خلال هذه الفترة تمكنت بريطانيا من تحقيق العديد من امتيازات السياسية والاقتصادية التي استفادت منها في المجالات السياسية والعسكرية والاستراتيجية ، خاصة في صراعاتها مع روسيا. اعتبرت نفسها منافسة في تحقيق مصالحها في إيران والمنطقة ، فضلا عن أهمية إيران الجغرافية وقربها من الهند ، مقر القوة البريطانية في الشرق الأوسط. ظل دور بريطانيا في القضاء على الثورات الإيرانية الداخلية التي هددت مصالحها دون تغيير حتى نهاية عهد ناصر الدين شاه. الصراع بين روسيا و بريطانيا فى ايران وجهودهما لتعزيز سلطتهما و كان تحقيق مصالحهم سببأ مباشرا لتعزيزهم و تدخلهم فى شؤون ايران الداخلية و الخارجية.

**Abstract**

**The relationship between Iran and British1848-1896**

**A research about the political - Economic**

The relations between Iran and Britain in 1848-1896 have a special political and economic importance because during this period Britain was able to achieve many political and economic differences that benefit from it in the political, military, and strategic fields They have observed it especially in its conflicts with Russia, which it views as a competition in advancing its interests in Iran and the area , as well as Iran’s importance in terms of geographical position and its proximity to India, which is a place It was the British authority in the Middle East. Also, Britain's role in eliminating iran's internal revolutions that threatened its interests remained unchanged until the end of Nasreddin Shah's reign.

The conflict between Russia and Britain in Iran and their attempts to establish power and more getting their interests were the direct reason for their strengthening and interfering in iran's internal and external affairs.

Keywords: Qajar, Nasir Al-Din Shah, British, Agreement, Political, Economic.